کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 15-11-2007 0:49

## ڕاگەیەنراوی " گروپی ڕاچەنین " لەبارەی پڕۆژەی یاسای کاری ڕۆژنامەگەری کوردستان

ئێمەی ڕۆژنامەنووسان سالأنێکی زۆرە داوای دەرچواندنی یاسایەکی کاری ڕۆژنامەگەریی لە کوردستان دەکەین و خواستی ئەوەمان هەبووە کە لە ڕێی یاسایی و دەستوورییەوە ماف و ئازادییەکانمان فەراهەم بکەین، لەم پێناوەشدا هەوڵمان داوە و لە گفتوگۆ سەرەتاییەکانی ئامادەکردنی پڕۆژەی یاسای کاری ڕۆژنامەگەریی کە لەلایەن سەندیکای ڕۆژنامەنووسانەوە کاری بۆ دەکرا بەشداربووین و هەر لە سەرەتاوە تێبینییەکانی خۆمان لەسەر ئەو پڕۆژەیە ڕاگەیاند، بەڵام سەندیکای ڕۆژنامەنووسان هەموو ئەو تێبینیانەی بەهەند وەرنەگرت و وەك ئەوەی بڵێی هەموو ئەو کۆبوونەوانەی لە سلێمانی و هەولێر و دهۆك بۆ گفتوگۆ لەمەڕ پڕۆژەکە ئەنجامیاندا تەنها سیناریۆیەك بووە و هیچی دی، ئاوا پڕۆژەکەی خۆیان ئاراستەی لیژنەی یاسایی پەرلەمانکرد، هەربۆیە ئێستا ژمارەیەکی زۆری ڕۆژنامەنووسانی کارا و ئەکتیڤ پاڵپشتی لەو پڕۆژەیە ناکەن و لەهەوڵی ئەوەدان بڕگە و مادەگەلێکی زۆری تێدا هەموار بکەن.

ئێمە دووپاتی دەکەینەوە کە پاڵپشتی هەوڵەکانی سەندیکای ڕۆژنامەنووسان دەکەین لە خواستی دەرچواندنی یاسای کاری ڕۆژنامەگەریی، بەڵام هاوکات بانگەوازیان دەکەین کە گوی لە خواستی سەرجەم ڕۆژنامەنووسان بگرن و کار بۆ ئامادەکردنی پڕۆژەیەك بکەن کە زۆرینەی ڕۆژنامەنووسان لە داڕشتنیدا بەشداری بکەن و زامنی زەمینەیەکی ئازادی کاری ڕۆژنامەگەری بۆ داهاتووی کوردستان بکەن، داواش دەکەین کە سەندیکا هەر گفتوگۆیەك لەبارەی پڕۆژەیاساکە دەکات بە شێوەی ئاشکرا و شەفافیانە بێت و هیچ لە ڕۆژنامەنووسان نەشارێتەوە.

گەر سەرنجبدرێت بەئاشکرا هەست دەکەین کە پڕۆژە یاساکەدا نەك تەنها کەموکورتی بەڵکو تەنانەت هەڵەی یاسایشی تێدا هەیە و ناڕوونی لە دەستەواژە و بڕگەکانیدا هەیە بە جۆرێك کە لە پڕۆژەی یاسایەکی ئامادەکراو نەچێت، هەروەها داوا دەکەین کە پەلەمانی کوردستانیش پەلە لە گفتوگۆکردن لەبارەی پڕۆژەکەوە نەکەن و بۆئەوەی باشترین یاسای کاری ڕۆژنامەگەریی بنوسرێتەوە و بڕیاری لێبدرێت جارێکی تر بگەڕێنرێتەوە بۆ سەندیکا و بخرێتەوە بەردەم گفتوگۆی زیاتر لەبارەیەوە.

ئێمەی لای خۆمانەوە ئامادەیەن ئەوەندەی پێمان دەکرێت هاوکاری گەڵاڵەکردنی پڕۆژە یاسایەك بکەین کە لە کۆتایدا خزمەت بە ڕەوشی ڕۆژنامەگەری و ڕۆژنامەنووسان لە کوردستان بکات، سەندیکاش ئەم ڕاگەیەنراوەمان بەهەند وەربگرێت و دەستبەرداری سیاسەتی خۆبەگەورەزانین و ڕەفزکردنی ئەوانی تربێت.

گروپی ڕاچەنین

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.